# خراپترینی خەڵکی ئەوانەن کە زیندوون کاتێک قیامەت ڕوودەدات، وئەوانەیش کە گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت -شوێنی پەرستن-

له عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «خراپترینی خەڵکی ئەوانەن کە زیندوون کاتێک قیامەت ڕوودەدات، وئەوانەیش کە گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت -شوێنی پەرستن-».

[حەسەنە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خراپترینی نێو خەڵکی دوو چینن: ئەوانەی زیندوون کاتێك قیامەت ڕوودەدات، وئەوانەیش کە لای گۆڕەکان دەکەن بە شوێنی پەرستن، ونوێژ لەلای یان لەبەرامبەریان دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3375